# ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

## سەبارەت بە سەردانی بەڕێز عوسمان ئۆجالان لە دەفتەری سیاسی کۆمەڵە

ئێوارەی ڕۆژیسێشەمە ڕێکەوتی 30مانگی ئاگوست2004 بەڕێز عوسمان ئۆجالان بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێك لە لایەن "پارتی وڵاتپارێزی دیمۆکرات"ەوە سەردانی ئوردووگای ناوەندیی کۆمەڵەیان کرد و بەگەرمی لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتی و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا بەڕێز عوسمان ئۆجالان جیایی خۆی و ژمارەیەك لە سەرکردایەتی و کادرەکانی پ.ك.ك.ەی لەو حیزبە و پێکهێنانی حیزبێکی نوێی بەناوی "پارتی وڵاتپاریزی دیمۆکرات" باس کرد و هۆکارەکان و پێویستییەکانی ئەو جیابوونەوەی لێکدایەوە. لەو لێکدانەوەیەدا، بەڕێز عوسمان ئۆجالان بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە ئەزموونی پ.ك.ك.ەی هەڵسەنگاند و فەرهەنگ و سیستمی زاڵ بەسەر ئەو ڕێکخراوەی، کە نزیك سی ساڵە نەك لەسەر بنەمای بیروباوەر و بەرنامە و هەڵویستی سیاسی بەڵکوو لەسەر ئەساسی پەرستینی کەسایەتی دامەزاروە، بە هۆکاری بنبەستەکانی ئێستای لەقەڵەم دا. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە لە هەوڵی چاکسازی لەو سیستمەدا بووە و لەپێناوەشدا لەلایەن سەرکردایەتی خودی پ.ك.ك.وە گیراوە و تەنانەت بە ئیعدام مەحکووم کراوە، بەڵام سەرەنجام بەو نەتیجەیە گەیشتووە کە ئیسڵاحی ئەو ڕێکخراوەیە و گۆڕینی ئەو سیستم و فەرهەنگە لەناوەوە ناکرێت و باشتر وایە حیزبێکی سیاسی دیکە لەسەر ئەساسی وڵاتپاریزی، دیمۆکراسیخوازی و ئاشتیخوازی پێك بهێندرێت و بنیات نانی "پارتی وڵاتپارێزی دیمۆکرات" دەرەنجامی ئەو تێگەیشتنەیە و وەڵامێکە بەو پێویستییە.

بەڕێز عوسمان ئۆجالان ڕایگەیاند کە ئەوان لەو حیزبە تازەیەدا دەیانەوێ فەرهەنگێکی سیاسی نوێ بنیات بنێن و لەم پێناوەشدا داوای پشتیگیری لە هەموو حیزبە کوردستانییەکان دەکەن.

ئەندامانی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بەنۆبەی خۆیان بەشێوەیەکی دۆستانە و لە هەمان حاڵدا ڕاشکاوانە بیروبۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕی و تێبینییەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ و ووتیان کە مەرجی باوەڕی خەڵکی کوردستان بەو حیزبە تازەیە ئەوەیە کە ڕەخنەیەکی ڕاستگۆیانە، ڕاشکاوانە و قووڵ لە سیاسەت و هەڵوێست و کردارەکانی پ.ك.ك. پێشکەش بە ڕای گشتی بکات. بۆ نموونە ئاماژەیان بەوە کرد کە سەرکردایەتی پ.ك.ك. ساڵەهایە لەناوخۆدا سیستمێکی دژەدیمۆکراتیکی سەرکوتگەرانە بەڕێوە دەبەن و هەر بەو پێیەش تا ئێستا زۆر تێکۆشەری سیاسیان بەبێ تاوان سزا داوە و لەناو بردووە. ئەو شێوەکارە دزێوە دەبێ ڕاشکاوانە مەحکووم بکرێت و ڕەت بکرێتەوە.

هەروەها، لەساڵەها لەوە پێشەوە تا ئێستا نێوانی سەرکردایەتی پ.ك.ك. لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژی زۆر نزیك و تەنانەت گومانلێکراو بووە بەڵام لە هیچ پارچەیەکی کوردستان دۆست و هاوکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو پارچەیە نەبووە بەڵکوو مایەی کێشە و دەردیسەر و شەڕی ناوخۆیی بووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەیئەتی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە ئەوەیان تەئکید کردەوە کە سەرکردایەتی پ.ك.ك. لە جیاتی پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەکان و حیزبەکان لە هەموو بەشێکی کوردستان هەوڵی داوە دەست لەکاروباری ئەو بزووتنەوەانە وەر بدات، ئاژاوە بنێتەوە و لەدژی ئەوان بەدیل دروست بکا. دەستێوەردان و ئالتەرناتیڤ سازی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرچاوەی ئاژاوە و شەری ناوخۆیی بووە و دەبێ بەراشکاوانە وەلا بندرێت. بەتایبەت مەرجێکی گرینگی پشتیوانی کۆمەڵە لە "پارتی ولاتپارێزی دیموکراتیك" و هەر رەوتێکی سیاسی دیکە کە لە پ.ك.ك. جیا بیتەوە ئەوەیە کە بەبێ ئەم لاولا سیاسەتی دەستێوەر دان لە کوردستانی ئێران رەت بکاتەوە و دەستی لێهەڵبگرێت.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵە هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە یەکێك لە مەرجەکانی سنووربەندییەکی جیددی و سادقانە لەگەڵ لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەزموونی پ.ك.ك. و بنیات نانی فەرهەنگێکی نوێ، بریتییە لە کۆتایی هێنان بە ناودێر کردنی عەبدوڵلا ئۆجالان وەکوو سەرۆکی نەتەوەیی. بێجگە لە نادروست بوونی ئەم شێوازە و نەگونجاو بوونی لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دێموکرات، ئەو کەسایەتییە ئەگەریش نوێنەرایەتییەکی هەبێت تەنیا بۆ حیزبەکەی خۆیەتی.

گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان هەیئەتی "پارتی ولاتپارێزی دێموکرات" و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە کەش و هەوایەکی دۆستانە بەرێوە چوو. جێگەی ئاماژەیە کە هونەرمەندی گەورەی کوردستان بەرێز کاك ناسری رەزازیش ئامادەی کۆبوونەوەکان بوو. پاش چەند سەعات گفتوگۆی سیاسی و گۆرینەوەی بیرورا، هەردووك لا خوازیاری درێژە دان بەم چاوپێکەوتنانە بوون و دوای ئەوەی ژەمی ئێوارەیان پێکەوە کرد، هەیئەتی میوان بەرێزەوە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە بەرێ کران.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

8ی سێپتامبری 2004

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com